# سیستەمی هاتوچۆ لە ڕوانگەی ئیسلامەوە

## ((وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوَاْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ)) البقرة١٩٥

## خۆتان بەدەستی خۆتان، مەهاوێژنە هیلاکەتەوە

نوسینی: مولازم سالار

هەموو لایەکمان دەزانین کەوا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێژەی ئۆتۆمبێل لەکوردستان بەرەو زیادبوونە، کە ئەمەش نیعمەتێکی خودایی گەورەیە بە ئێمەی بەخشیوە، ئەگەر ئۆتۆمبێل زیادبوو، ئەوا شوفێرو هاتوچۆش زیاد دەبێت، کە شوفێرو هاتوچۆش زیادبوو، ئەوا کارەساتیش ڕوو لە زیادبوون دەکات. بۆیە پێویستە ئێمە هەوڵبدەین ببین بە شوفێرێکی باشو سەردەمیانە، چونکە شوفێری ئەمڕۆکە بۆتە بابەتێکی زانستی سەردەمیانە، کە ڕۆژانە بەبێ شوفێرو ئۆتۆمبێل ناتوانین بچینە سەرکار، ناتوانین کارەکانمان ڕایی بکەین، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کەوا بەرپرسیاریەتی شوفێر چییە لەکاتی شوفێریدا، جێبەجێ کردنی یاساکانی هاتوچۆو پڕەنسیپی ترافیك پێویستە یان نا؟ ڕوانگەی ئاینو شەریعەتی ئیسلام چییە لەم بارەیەوە؟

ئایینی ئیسلام کە ئایینی خوداو بەرنامەی ژیانی مرۆڤایەتییە بەگشتی، ڕێکخەرو داڕێژەری ژیانی موسڵمانانە بەتایبەت، ئایینێکی هەمە لایەنو گشتگیرە بۆ ڕێکخستنی هەموو بابەتەکانی ژیانی کۆمەڵگا، گرنگی بە هەموو بەشەکانی ژیان دەداتو ڕێکیان دەخات، تا مرۆڤەکان بتوانن لەژێر سێبەرو چەتری ئەو ئایینە بەو پەری ئاسوودەییو بەختەوەری ڕەفتار بکەنو ژیان بەسەر بەرنو ئایینی ئیسلام بەرپرسیاریەتی ڕێکخستنی ژیان دەخاتە ئەستۆی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ جوانکردنو چاککردنی باری ژیانی خۆی ماڵو منداڵو گەلو وڵاتەکەی، بەتایبەتی دەسەڵاتداران لەهەر ئاستێك دابن، ئەوان زیاتر بەرپرسیارن لەو چاککردنو ڕێکخستنەدا، وەك لە فەرموودەیەکی پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت "مرۆڤ لەسەر شانییەتی لەژیاندا خۆی لەسەر هەندێك کاری وەك مەلەوانی کردنو ئەسپ سواری ڕابێنێو، پێشبڕکێ بکەی بۆ زیاتر فێربوون لە ژیان" (تأديب الرجل فرسة وتعليم الرجل السباحة)(١) لەم فەرموودەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئیسلام زۆر گرنگی بەگواستنەوە دەداتو داوامان لێدەکات کە بەجوانیو بەشێوەیەکی یاسایی بەکاریان بێنین جا بۆیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر بەڕوونی باسی چەند لایەنێکی ئەم بوارەی کردووە، لە فەرموودەیەیکدا پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: ﴿ثلاث من السعادة: المرأة الصالحة والمنزل الواسع و المركب الهنيء﴾(٢).

### بە پێی زۆربەی سەرژمێرییەکان (٨٥٪)ی ڕووداوەکان بۆ خودی ئەو شوفێرە دەگەڕێتەوە کە پەیڕەوی لە یاساو ڕێساکانی هاتوچۆ ناکات

هەرچەندە پێشترو لەسەردەمی پێغەمبەرد(د.خ) ڕامانی (المركب الهنيء) بەمانای سوارۆکانی تری وەك (حوشترو ئەسپو... هتد) بوو کە بۆ هاتوچۆو ئاسانکردنی ژیانی مرۆڤەکان بەکارهاتووە، بەڵام ئێستا ڕامانی (المركب الهنيء) هەمان ئۆتۆمبێلە کە پڕ بەپێستیتی، ئەو ئۆتۆمبێلەی کە مایەی خۆشترین ڕەفاهیەتە لەژیانی مرۆڤایەتیداو، ڕێگا دوورەکان بۆمان نزیك دەکاتەوەو، ڕۆژانە بۆ گواستنەوەی سەدان هەزار مرۆڤ لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر، بۆ سەفەرکردن بۆ خۆشی، ناخۆشییەکانی ژیان، ئەرکی ڕۆژانەی مرۆڤەکان ڕادەپەڕێنێ. بەگشتی ئەمڕۆ بەبێ ئۆتۆمبێل ژیان مەحاڵ بووە، لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆری هاوڵاتیان گیان لەدەست دەدەن یاخود پەككەوتە دەبن، جگە لەزیانی ماددی فراوان کەئەمە هەمووی بەهۆی کارەساتی هاتووچۆوە ڕوودەدات، هۆی سەرەکیش شوفێری کەمتەرخەمەو بەپێی زۆربەی سەرژمێرییەکان (٨٥٪)ی ڕووداوەکان بۆ خودی ئەو شوفێرە دەگەڕێتەوە کە پەیڕەوی لە یاساو ڕێساکانی هاتووچۆ ناکات. بۆیەش خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿... وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيماً﴾ النساء: ٢٩. واتە ئێوە نەفسی خۆتان مەکوژنو نەبن بە بکوژی نەفسی خۆتان، چونکە خودای گەورە زۆر بە ڕەحمو بەزەییە.

زاناکان دەڵێن "العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب" واتە ئایەتێك لەسەر ڕووداوێك هاتووتە خوارەوە، بەڵام ئێمە دەتوانین بۆ زۆر ڕووداوی تر بەکاربێنین. جا کاتێك شوفێر گوێ ناداتە پڕەنسیپی ترافیكو پشتێنی سەلامەتی نابەستێت، مۆبایل لەکاتی لێخوڕین بەکار دەهێنێتو ئەزانێت مەرجەکانی توندوتۆڵی ئۆتۆمبێل چییە، بەڵام ئەم مەرجانە پشتگوێ دەخات، کاتێك دەزانێت ئۆتۆمبێل تایەی خراپ بووە یان ئاوێنەی شکاوە یاخود بەنزین لەئۆتۆمبێلەکەی بەرەو تەواو بوونەو... هتد، خۆی فەرامۆش دەکاتو پشکنین بۆ ئۆتۆمبێلەکەی ناکات، بێگومان لەکەمترین جووڵەدا ئۆتۆمبێل تووشی وەرگەڕان، هەڵدێران یاخود پێکدادان دەبێتو بەرپرسیاریەتیەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی خودی شوفێرەکە، چونکە زیان بەخۆیو بەرامبەرەکەشی دەگەیەنێت، ئەوشوفێرە لەکەمترین ڕووداودا بەرپرسیارە لەگیانی خۆیو سەرنشینەکانی، چونکە دەبێتە بکوژی خۆی و سەرنشینەکانی، ئەوەتا پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت ﴿لزوال الدنيا جميعا أهون على الله من دم يسفك بغير حق﴾(١) واتە تێکچوونو نەمانی هەموو دونیا بە قەد ڕشتنی خوێنێك لای خوای گەورە کاریگەر نییە، جا ئەگەر کوشتنی یەك کەس بە ئەنقەست یان بە کەم تەرخەمی لەتێکدانی هەموو دونیا گەورەتر بێت بۆ خاوەنەکەی کە بۆتە هۆکاری ئەو کوشتنە، دەبێت کوژرانی سەدان کەس تاوانەکەی چەند بێت، هەروەها جگە لەوەی لەڕۆژی کۆتاییشدا لە بەرامبەر دادگای خودای گەورە بەرپرسیارە، لەلایەکی ترەوە خۆی ئەو ئۆتۆمبێلەی بە پارە کڕیوە، ئەم پارەیەشی بەهۆی ماندووبوونو ئارەق ڕشتنی زۆرەوە پەیدایکردووە، دەبێتە زیادەڕۆیی ئەگەر بە هەموو شێوەیەك نەیپارێزێت، کاتێك ئۆتۆمبێل کەموکورتییەکی هەبوو پێویستە چاکی بکاتەوە، چونکە هەر شتێك گەر خزمەتی نەکەیت ئەوا بەهەمان شێوەی تۆ ئەویش خزمەتت ناکات، بەڵکو زیانیشت پێدەگەیەنێت، کاتێك مرۆڤ درەختێکی مێوە ئاو دەداتو زۆر خزمەتی دەکات، درەختەکە لەئەنجامدا بەرهەمێکی باش بەم مرۆڤە دەبەخشێت. بەڵام ئەگەر تۆ خزمەتی نەکەیت یان ئاوی نەدەیت دەبێتە هۆی وشك بوونی درەختەکە.

پێویستە شوفێر لەکاتی لێخوڕین بە بەردەوامی پابەندی کەمی خێراییو ڕێنماییو یاساکانی هاتوچۆ بێت، خوای گەورە دەفەرموێت "هەمیشە لەهاتوچۆ کردندا مام ناوەندی بڕۆنو لەسەر خۆبن" بێگومان بەختەوەری مرۆڤیش لە ناوەندیدایە نە زۆر زۆر چوون و نە زۆر هەڵچوون (لا افراط ولا التفريط)، خوا دەفەرموێت (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا) البقرة: ١٤٣ ئێوەمان کردووە بە گرۆ و نەتەوەیەکی ناوەندیکار ئەوەتا ووتە بەنرخەکەی (لوقمان) کاتێك ڕێنمایی کوڕەکەی دەکات، لەکاتی هاتوچۆکردندا هەمیشە مام ناوەندیو لەسەرخۆبەو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ﴾ لقمان: ١٩.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْناً وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَاماً﴾ الفرقان: ٦٣.

واتە: بەندە ڕاستگۆکانی خوای میهرەبان ئەو کەسانەن کە بەهێواشی بە ڕێگادا دەڕۆن، ئەگەر کەسێك ناسزای پێگوتن، یانیش هەڵسوکەوتێکی ناشیاوی لە بەرامبەر نواندن، ئەوان قسەی خێر دەکەنو بەشێوەی ئەوان وەڵام نادەنەوە.

کوردیش دەڵێت: لەخێرا ڕۆیشتندا خۆت بەدوای بەڵادا دەگەڕێی، بەڵام لەتەمبەڵی ڕۆیشتندا بەڵا بەدواتدا دەگەڕێت، کاتێك مرۆڤ لە هاتوچۆکردن بە پیادە لەخۆبایی دەڕوات، ئەی هاتوچۆکردن بە ئۆتۆمبێلێکی مۆدیل بەرز چۆن دەڕوات؟! کەواتە لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەخۆباییبووندا، کە بەڕێگادا دەڕواتو ئاگای لەڕۆیشتنی پێش خۆی نامێنێت، بێگومان ئەم خۆباییبوونە بەزیانی ئەو شوفێرە تەواو دەبێت، نەك هەر خۆی بە تەنیا بەڵکو زیان بەخۆیو دەوروبەریشی دەگەیەنێتو خەڵکیش بێزار بوونی خۆیان بەرامبەر بەم شوفێرە دەردەبڕن. بۆیە لەسەر دایكو باوك پێویستە هەمیشە ڕێنمایی منداڵەکانیان بکەنو لەئەنجامە خراپەکانی خێراییو لەخۆبایی بوون ئاگادارییان بکەنەوە، چونکە ئەم دایكو باوکەش بەرامبەر بەخوا بەرپرسن لە هەر زیانێك کە بەهۆی کەمتەرخەمی ئەوانەوە بەخەڵك دەگات، پێویستە هەمیشە پێیان بڵێن: لەڕێگادا مام ناوەندی بڕۆ، لەکاتی شوفێریدا وا مەکە زیان بەخۆتو دەوروبەر بگەیێنیتو ببێتە هۆی بێزارکردنی خەڵك.

### زۆربەی ئەو گەنجانەی کە ئێستا شوفێری دەکەن بەهۆی لێخوڕینی خێرایی زۆرەوە تووشی ڕووداو و کارەسات دەبن

لەئایەتێکی تردا خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلاَ تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلاَ تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحاً إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ﴾ لقمان: ١٨.

هیچ کاتێك نەکەن خۆتان هەڵکێشنو لەخۆبایی بن، چونکە خودا ئەو کەسانەی خۆش ناوێتو ڕقی لێیانەو لەڕۆژی دواییدا بەسزای خۆیان دەگەنو لەئایەتێکی تردا خوا دەفەرموێت ﴿وَلاَ تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحاً إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ الأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ الْجِبَالَ﴾ الأسراء: ٣٧، کاتێك لەڕێگادا دەڕۆی، خۆت گەورە مەکە، تۆ ناتوانی بە هاتوچۆی خۆت زەوی کون بکەیو شەق بکەیو چەند خۆت گەورەو لووت بەرز بکەی تۆ ناگەیتە چیاکان.

جا دەبێ شوفێر ئەم چەندەی بزانێت لەکاتی لێخوڕیندا. بۆیە ئەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو گەنجانەی کە ئێستا شوفێری دەکەن بەهۆی لێخوڕینی خێرایی زۆرەوە تووشی ڕووداوو کارەسات دەبنو کەسێك یان چەند کەسێك بەو هۆیەوە گیان لەدەست دەدەنو کاتێك ئەم شوفێرە گەنجە لەنێو کوچەو کۆڵانەکان تێپەڕ دەبێت، دەنگی تەسجیلەکەی ئەوەندە بەرز دەکات کە خەڵك بێزار بکات، بەشێوەیەکی ئەوەندە خێرا دەڕوات کە ڕێز لەهیچ یاساو پڕەنسیپو ڕێسایێکی هاتووچۆ ناگرێت، تەنانەت هەندێکیان ماددەی کحولی بەکاردێننو بەهۆیەوە کارەسات دروست دەبێتو زیان بەخۆیانو کەسانی دەوروبەر دەگەیێنن، جا چ بەگیان لە دەستدان یانیش بریندار بوونو پەككەوتن. پاشانیش پەشیمان دەبنەوەو داوا لە مامۆستایانی ئایینیو پیاو ماقوولان دەکەن، تا بفەرموون چارەسەری کێشەکەیان بکەن، بەو بیانووەی کە ئەمە قەزاو قەدەر بووە. بەڵام ئەمە تەنیا بیانووەو خۆیان کەمتەرخەم بوون، تەنیا دەیانەوێت خۆیان لە بەرپرسیاریەتی بدزنەوەو تاوانەکەیان بخەنە ملی قەزاو قەدەر، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ نَجْعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ﴾ البلد: ٨.

واتە: مەگەر ئێمە دووچاومان پێنەدابوو؟ لەجیاتی ئەوەی تاوانبار بەرامبەر بەکارە نەشیاوەکانی لەخەڵك بپارێتەوە، بۆ خۆی وا باشترە شوکرانەی خودای گەورە بکات بەرامبەر بەو نیعمەتەی کە خودا ئەم ئۆتۆمبێلەی پێداوە، واباشترە بچێت بژێوی ژیانی خۆیو خێزانەکەی پەیدا بکاتو چاکە لەگەڵ خەڵك بکات، تاوەکو لەجیاتی ئەوەی دوعای لێ بکەن دوعای بۆ بکەن، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَئِن شَكَرْتُمْ لأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ﴾ إبراهيم: ٧، واتە: ئێوە شوکرانەی من بکەن بەرامبەر بەو نازو نیعمەتانەی کە بە ئێوەم داون، تاوەکو من زیاترتان پێبدەم.

### هەر یاسایەك کە لە پەرلەمانێك دەردەچێت پێویستە جێگای ڕێزو بەرز نرخاندن بێت

هەر هەوڵێك کە دەدرێت یان هەر یاسایەك کە لەپەرلەمانێك دەردەچێت جا لە هەر پەرلەمانێکی موسڵمان یان غەیرە موسڵمان بێت بێگومان بۆ بەرژەوەندی گشتیو ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانە، پێویستە جێگای ڕێزو بەرز نرخاندن بێت، چونکە بەڕاستی هەر یاسایە کە تاکە میکانزمی دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئارامە. لەسایەی یاساکاندایە کە مرۆڤەکان هەست بە ئەركو مافەکانی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەو یاسایانە لەسەدا چەند بۆ خزمەتو بەرژەوەندی گشتیە؟ لەوانەیە زۆرینە بۆ بەرژەوەندی گشتی (کەسایەتی، لایەنێك، چینێك، کۆمەڵێك... هتد) بێت، بەڵام یاسایی هاتوچۆ (١٠٠٪) بۆ خزمەتی گشت هاوڵاتییاندایە بەبێ جیاوازی، هەر ئەو یاسایەیە کە مرۆڤ ناچار دەکات ژێرانە مامەڵە لەگەڵ ئۆتۆمبێلدا بکاتو کاتێك چووە پشت سوکان بزانێ چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات، هەربۆیە زانایانی موسڵمان پابەند بوون بەیاساو پڕەنسیپی ترافیك بە واجب لەقەڵەم دەدەن، بڕوانە بڕیاری "مجمع الفقة الاسلامی" ژمارە (٨٣/٢/٧٥د)و زانای گەورە (ئیبن باز) دەڵێت: "نابێ مرۆڤی موسڵمان سەرپێچی لە یاسای هاتووچۆدا بکات" چونکە خوا دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الأَمْرِ مِنكُمْ﴾ النساء: ٥٩ ئەی بڕواداران، ئێوە گوهداری خواو پێغەمبەر بکەنو هەروەها گوهداری بەرپرسانی خۆتان بکەنو مەبەست لە بەرپرسان ئەو کەسانەن کە دەوڵەت بەڕێوە دەبەن، چونکە ئەوان ئەو یاسایەیان داناوە.

### ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە چەندین دەقدا بایەخی زۆری بە سیستەمی هاتوچۆ داوە

بۆچی پیشەی پزیشك پیشەیەکی پیرۆزە؟ چونکە گیانی مرۆڤەکان دەپارێزێتو نەخۆشەکان چارەسەر دەکات، پۆلیسی هاتوچۆش هەر بۆ ئەوە لەسەر شەقام وەستاوەو دەوەستێت، تا کاکی شوفێر لە هەموو ڕووداو و کارەساتێك بەدوور بێتو سەرپێچی نەکات، ئەمەش هەر بۆ پاراستنی گیانی شوفێرو هاوڵاتییانە لەگشت ڕووداوێکی هاتوچۆ، چونکە ئەم پۆلیسە پاسەوانی یاساکانی هاتوچۆیەو یاساکانی هاتووچۆش بۆ پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتییانە. ئەگەر پۆلیسی هاتوچۆش لەسەر شەقام نەبوو یان نەتبینی یان بتبورێت ئەوە خودای گەورە کە دروستکەرو بەڕێوەبەری تۆیە، ژیان، مردن، دونیاو دوارۆژی تۆی بەدەستە، هەردەم ئاگای لە هەنگاوەکانو نهێنیو هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژانەی تۆیە، بەردەوام لەگەڵ تۆدایەو هیچ کات بێ ئاگا نییە لێت، ئەگەر لێبووردنیش زۆر بێ، ئەوا سزاکەشی زۆر قورسە.

پێویستە مرۆڤ هەمیشە ئەو فەرمایشتەی خودای گەورەی لەیادٍ بێت کە دەفەرموێت: ﴿...مَن قَتَلَ نَفْساً بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعاً وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعاً...﴾ المائدة: ٣٢، واتە: هەر کەسێك مرۆڤێك بکوژێت بەبێ ئەوەی کەسێکی کوشتبێت یان فیتنەو خراپەیەکی لەسەر زەوی نابێتەوە، ئەوا وەکو ئەوە وایە هەموو مرۆڤایەتی کوشتبێت، خۆ ئەگەر کەسێکیش لەمردن ڕزگار بکات، ئەوا وەکو ئەوە وایە هەموو مرۆڤایەتی لە مردن ڕزگار کردبێت.

١ – الالبانی: صحيح الجامع الصغير رقم الحديث ٤٥٣٤.
٢- رواه البزار ٤/ ٢٠.
٣- صحيح الترغيب والترهيب ٢/ ٣١٥.





# با وەك بەهار مامەڵە بكەین

مەلا تەحسین شێخانی



لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاری ڕازاوەو سازگار خەڵکی کوردستان بە هەموو چینو توێژەکانییەوەو بەجۆرەها شێوە لەماڵو چواردیواری خانوەکانیان بۆ نێو سەیرانگاو شوێنە گەشتیارییەکان دەردەچن، ئەمەش بۆتە نەریتێکی جوانو سەرنجڕاکێش کە بەهۆیەوە مرۆڤ لەستاتیکایەکی سەرنج ئامێزدا باوەش بۆ خۆشیو ژیانەوەو نەمانی زەحمەتیەکان دەکاتەوە، ئا لەم بەهارەدا خواوەندی بەرزو تەنها سۆزو نیعمەتێکی تر بێ جیاوازی بەهەموومان دەبەخشێ، بەهار دەیەوێ کەمەندێشمان بکات بۆ ژیانێکی نوێو ڕۆژانێکی پڕ لەگۆڕانکاریو نوێبونەوە، هەموو ئەو ڕۆژانەش کە بە ئێشو ئازارو سەرماو سۆڵ بەسەرمان برد کۆتایی یان هات، لێ ساتو کاتە خۆشەکانیش لەم جیهانەدا کۆتاییان دێ، بۆیە گەرەکە بارگەمان، زەخیرەی دوا ڕۆژمان پڕ ترو دەوڵەمەنتر بکەین، جوانی بەهارو گەشتکردن تیایدا جۆرێکە لەنوێ بوونەوەو ژیانسازی ئەوتا خوای گەورە کە باس لەبەهەشتیان دەکات گەڕانو بیرکردنەوەو گەشتکردن دەکاتە خەسلەتێکی دونیایان (إِنَّ اللّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْداً عَلَيْهِ حَقّاً فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللّهِ فَاسْتَبْشِرُواْ بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُم بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ) تەوبە/١١١، ئینجا دەفەرموێ (التَّائِبُونَ الْعَابِدُونَ الْحَامِدُونَ السَّائِحُونَ الرَّاكِعُونَ السَّاجِدونَ الآمِرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّاهُونَ عَنِ الْمُنكَرِ وَالْحَافِظُونَ لِحُدُودِ اللّهِ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ) تەوبە/١١٢، وشەی (السائحون) بەپێی بەشێك لەموفەسیرەکان بریتییە لە گەڕانو گەشتکردن، کە تەنانەت بەشێك لە فەرزو ئەرکە ئایینیەکان بە گەشتکردن ئەنجام دەدرێن وەك (حەجکردن) خەباتو تێکۆشان لەبەر خوداو دەستخستنی زانستو زانیاری، بۆیە پێویستە دەکا لەم بەهارەدا وەك بەهار بین.

١- فرە ڕەنگیو فرە جۆری جوانیو تەواوکاری ببەخشێتە ژیانمانو نیشانەی چێژ وەرگرتنی زیاتری خۆشییەکانی ژیان بێت نەك پێچەوانەکەی.

٢- ئەبێ بەهارو جوانییەکانی چێژ وەرگرتنەکان لەهەموانو بۆ هەموان بێت، ئەمەش ئەوە دەخوازێ کە خۆمان دوور گرین لەزەحمەت دانو ئازاردانی ئەوانی تر هەر کێیەکە.

٣- ئەبێ ژینگە بپارێزین چونکە ئەم وەرزە وەرزی ژینگەو جوانییە، ناکرێ زبڵو خاشاك لەشوێنە سازگارو جوانەکان بڵاوە پێبکەین، لەکاتێکدا بەهار بەدارو بارەکانیەوە هەوای پێویستو ژینگەی جوانمان بۆ دەسازێنن.

٤- بەهار تەمەنو کاتو ساتی خۆی هەیە، کە تەواو بوو دەڕوا، لەم چەند ساتە کورتەش دابەچاکترینو شایستە ترین شێوە خۆی دەنوێنێ، ئێمەش بەهار ئاسا تەمەنکورتیمان وەك بەهارە (وَتِلْكَ الأيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ) آل عمران/١٤٠، ئەبێ ئەوپەڕی چاکیو پاکیو جوانیو دوورگرتن لەخراپەکاری لەژیانماندا بێنینە دی، چونکە گەر کەسێك لەبەهاردا بەرگێکی نوێو ژیانسازی دروست نەکات ئەوا بەقەولی پیرەمێردی شاعیر هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەی دەلەوەڕن لەبەهاردا بەڵام ژیانسازی بەدی ناکەن:

بەهار نیشانەی زیندەوە بوونە
بۆ تێفکرانی هێزی گەردوونە
بەڵام بۆ کەسێ هەوەس بازیە
بەتایبەتی (......) زۆر پێی رازیە

٥- ئەبێ لەم بەهارەدا جۆرێك لەیەکترقبول کردنو لیبووردن لەهەمبەر یەکتر بەدی بێنین، چونکە خۆی بەهار جۆرێکە لەئاسایی بوونەوەو پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەرزو ئاسمان کە ئاسمانەکە لەدوای باران زیندوویو ژیانو خۆشەویستیو یەکتر تەواوکردنی بەزەوی بەخشیووە، زەویش کاریگەری بارانەکەی نیشانی هەموو جیهانیاندا کە بەهەردووکیان سەنفۆنیای خۆشەویستیو ڕێز بۆ یەکتر دەچڕن، بەهەمان شێوە زەوییو گوڵو دارو درەختو کانیاوە چیاو دۆڵو دەشتەکانیش، ئەبێ ئێمەش لەم بەهارەدا بوونی هەریەکەمان بەزەروور بزانینو ببینە هۆی یەکتر تەواوکردنو جوانترکردن ژیان بەهەموو ماناکانییەوە، لەکۆتایی خوازیارین بەهەموومان بەهارێکی جوانو مانادار ببەخشینە یەکترو لەم بەهارەدا گیانو دڵمان ژیانێکی نوێو ئاسودەیی بە بەربێتەوەو هەرچی زەحمەتو ناخۆشییە لەناویا نەمێنێ... ئامین...

پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی شافعی سۆران
shekhanemala@gmail.com

# داكشانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان بەربەستەكانو چارەسەریدا

## زانكۆ وەك نمونە

ئا: مەلا تەیب زیارەتی

كەس نكۆڵی لەوە ناكات، كە سروشتی مرۆڤ هەمیشە بە گونجانو پێكەوە هەڵكردن جوانەو حەز بەتەنهایی ناكات، بەهەمان شێوەش سروشتی وایە نێرینە دڵی بۆ مێینە دەچێتو مێینەش بۆ نێرینە، هەڵبەتە مرۆڤەكانیش بەهەمان شێوە هەردوو رەگەز پێویستیان بە یەكدی هەیە، هەر بۆیە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هانی هەردوو رەگەز دەدات بەوەی لەسەر بنچینەیەكی شەرعیو رێگەیەكی تەواو ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەن، ئەمەش بۆ ئەوەی رەگەزو وەچەو مرۆڤ نەبڕێتەوەو كۆتایی پێنێت.

ئەگەرچی زۆرجاران لە هەندێك كۆمەڵگە ئەمە كەمتر پیادە دەكرێت، بەڵام لەكۆمەڵگەی ئێمەدا بەهۆی ئەو پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەوە ئاستێكی باشی هەیە، بەڵام زۆر جاران لەراگەیاندنەكان گوێبیستی ئەوە دەبین گوایە پرۆسەی هاوسەرگیری زۆر رووی لەكەمیو داكشان كردیە لەبەرامبەریشدا تەڵاقو لێك جیابوونەوە رووی لەزیادیو هەڵكشان كردووە.

قسە كردنی ئێمە لەو راپۆرتەدا لەسەر ئەو تەوەرەیە بۆ ئەوەی بزانین بۆچی لەئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگی بەم پرۆسەیە دراوە؟ نەمانی ئەو پرۆسەیە كۆمەڵگە بەرەوە چ ئاقارێك دەبات؟ بۆچی هەندێ جار رێژەكە دادەبەزێ؟ هۆكاری ئەم داكشانە بۆچی دەگەرێتەوە؟ كێن ئەوانەی بەربەستن لەبەردەم ئەم پرۆسەیەدا؟ دەبێت چارەسەری ئەم گرفتە دژوارە لەكوێ بێت؟

دوا بەدوای راپۆرتەكەمان سەردانی چەند كۆلیژو پەیمانگەیەكمان كرد لەشاری هەولێر كە هەواڵی زۆر سەیرو سەمەرەی تێدابوو لەوانە قوتابیانو خوێندكاران زۆرباسی وشەی رەفزو قەبوڵیان دەكرد لەبەینی خۆیان منیش وام زانی رۆژانە ئەم پرۆسەیە لەنێو زانكۆكان بەرێوە دەچێت كەچی بە بۆچوونی ئەوان: ئەم پرۆسەیە زۆر دەگمەنەو ساڵانە بەشێكی زۆر كەم داخوازیەكان رێك دەكەون زۆرێك لەقوتابیانی كوڕ دەیانگوت ئێمە چەند جارێك تەقدیمی كچانمان كردووە، بەڵام چیبكەین گشتمان رەفزمان بۆ هاتوتەوە بۆیە ویستمان لەنزیكەوە چەند قوتابیەك لەم بارەوە بدوێنینو لەهەمان كاتیشدا رای كچان وەربگرین بۆ ئەوەی بزانین بۆچی رەفز بەكوڕەكان دەدەن ئامادەی ئەوە نین ژیان لەگەڵیان پێك بهێنن بۆ ئەم مەبەستە.

هەروەك قوتابی (فارس سەربەست) لەو بارەوە گوتی: من لەنزیكەوە ئاگادارم كە ساڵانە زۆربەی كوڕان داخوازی كچانی زانكۆ دەكەن، بەڵام بەزۆری وایە رەت دەكرێنەوەو رێك ناكەوێت ئێمەش ویستمان لەنزیكەوە هۆكاری ئەم نهێنیە بزانینو كە كچان بۆچی كوڕان رەت دەكەنەوە بۆ ئەم مەبەستە روومان كردە كچێك بەناوی (ش.ف) بەڕێزی نهێنی رێك نەكەوتنی ئەم پرۆسەیەی بۆ چەند هۆكارێك گێڕایەوە لەوانە: كچان پێیان باشە ئەوانەی داخوازی دەكەن لەرێگەی كەسێكی شارەزاو بەئەزموونو لەخۆیان گەورەتر بێت، یانی كەسێك بێت كەفالەتی ئەو كوڕە بكاتو حیسابی دوارۆژ رەچاو بكات، هەر بۆیە حەز دەكەن لەرێگەی مامۆستایانی خۆیان پێیان بڵێن یان برادەری نزیكی كوڕەكە كە بێگومان ئەوكات لەنێو خانەوادەكەشیان كار ئاسانیان بۆ دەكرێت، بەڵام ئەگەر كوڕەكە بەخۆی بەكچەكە بڵێت: تۆزەك مەترسیان هەیە هەم لەلایەنیماڵەوە كە بەزەحمەت رازی دەبن هەمیش مەترسی ئەوەیان هەیە كە ئەو كوڕە نیازێكی خراپی هەبێتو ئیستیغلالی بكات.

وەهەروەها زۆربەی كچانیش حەز بەوە دەكەن كە ژیانی هاوسەری لەگەل كوڕێك پێك بهێنن كە تەخەسوسیان لەیەكتر جیابێت، سەرباری ئەوەی مەسەلەی جوگرافی هۆكارێكی دیكەیە، بەوەی كوڕێك لە پارێزگایەكە دەچێتە داخوازی كچێك لەپارێزگایەكی تر، دایكو باوك دەبنە رێگرو دەڵێن شوێنەكە دوورە، بەڵام لەو رووەوە كچان گلەیی لەخانەوادەكەیان دەكەنو دەڵێن: مادام ئێمە بەدڵی یەكتر بین حەق وانییە ماڵەوە رێگرمان بن، كە ئەم دیاردەیە لەنێو كۆمەڵگەی ئێمەدا گەلێك زۆرە، ناوبراو لەدرێژەی قسەكانی گوتی: بەشێكیش لەكچان حەز دەكەن خوێندنیان تەواو بكەن ئینجا شوو بكەن، یان عەشیرەتگەری، یان ئینتیمای حیزبایەتی، بەشێكن لەهۆكارەكانو لەوەی كچان كوڕان رەت دەكەنەوە.

قوتابیەكی زانكۆ

### بێ متمانەیی لەناو چینی گەنجان هۆكارێكی دیكەیە بۆ كەمبوونەوەی ئەو پرۆسەیە

هەروەها هاوار ئەحمەدی قوتابی زانكۆ لەو بارەوە بۆچوونی خۆی هەبوو گوتی: بەپێچەوانەشەوە كچیش كاتێك كوڕێكی بەدڵی خۆی نیشان دەكاتو دەیەوێت ژیانی هاوسەری لەگەڵ كوڕێك پێك بینیتن، كە تەقدیمی كوڕێك دەكات رەفزی بۆ دەگەڕێتەوە ئەمەش لەبەر چەند هۆكارێك: لەوانە بەشێك لەكچان تێكەڵاویەكی زۆریان لەگەڵ كوڕان هەیە بۆیە ئەو كوڕە رەفز دەداتە كچەكە یان هەڵسوكەوتو لیباسی كچەكەی بەدڵ نییە سەرباری ئەوەی كاتێك كوڕێك تەقدیمی كچێك دەكات، كوڕەكە یەكسەر شتێكی لەلا دروست دەبێتو دەڵێت: دەبێت شتێكی نهێنی هەبێت بۆیە تەقدیمی منی كردووە!! دیارە كەس نایەوێت ئەمەش لەبەر ئەوەیە كەسێك بێت باری ئەوەی تێر كردنی لایەنی جنسی بەشێوەیەكی نادروست، كە ئەمە دوورە لەئاینو گشت دابونەریتێكی كۆمەڵایەتی.

بەشێوەیەكی گشتی كچانو كوڕانی زانكۆ كەم بوونی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بۆ چەند هۆكارێك دەگێرنەوە، كە هۆكاری جۆراوجۆرن.

كچێك:

### داواكاری زۆری ئافرەتان لەمپەری سەرەكییە بۆ كەمبوونی ئەم پرۆسەیە

لەقسەكردن لەسەر هۆكاری ئەو داكشانە قوتابی (جوانە بەكر) قوتابی كۆلێژی زانستە ئیسلامییەكان كەم بوونی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیەی بۆ چەند هۆكارێك گێڕایەوە لەوانە: نەبوونی سەرچاوەیەكی شیاو بۆ بژێوی ژیانو كەمی شوێنی نیشتەجێ بوون، نایشارمەوە داواكاری زۆری ئافرەتانیش لەمپەری سەرەكییە بۆ كەمبوونی ئەم پرۆسەیە دواتر فەشەڵ هێنانو سەرنەكەوتنی زۆربەی پرۆسەكانی پێشووتر. داواكاری هەردوو رەگەز بۆ بڕوانامەی بەهێزو دەركەوتنی بێ متمانەیی لەچینی گەنجان. سەر قاڵ بوون بەتەكنەلۆژیاو كەمی پێشینەی هاوسەرگیری دانەرشتنی پلانی گونجاو لەلایەن گەنج بۆ نەخشەكانی ژیانی داهاتوویو كاریگەری رۆژئاوا بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ لەسەر گەنجانی وڵاتانی ئیسلامی، چونكە رۆژئاوا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتی موسڵمانان كەمتر ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدەن سەرباری ئەوەی تێر كردنی لایەنی جنسی بەشێوەیەكی نادروست كە ئەمەش دوورە لەگشت ئاینو دابو نەریتێكی كۆمەڵگە.

بۆ پتر قسەكردن لەسەر ئەو تەوەرەو باس كردنی هەڵوێستی ئیسلام لەو بارەیەوە روومان كردە بەڕێز (د.جەمیل عەلی سورچی) زانای ئاینی مامۆستای كولێژی زانستە ئیسلامییەكانو ئەویش بەو شێوەیە هاتە دووان: لەبارەی گرنگی دانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەپرۆسەی هاوسەرگیری بەڕێزیان گوتی: لەڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئەم گرنگیە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:



د.جەمیل عەلی سورچی

### ئیسلام لەسەر بنەمای داوێن پاكی تاكەكانو پاراستنی ئەخلاقی كۆمەڵگە بایەخی بەو پرۆسەیە داوە

١- پاراستنی بوونی مرۆڤایەتی لەسەر بناغەی وەچە دیاریو پاراستنی رێكخستنی خێزانو ئوسرە.

٢- تێركردنی غەریزەی جنسی بەرێگەی مەشروعو تەندروست.

٣- پاراستنی ئەخلاقو رەوشتی تاكو كۆمەڵگە.

٤- دابین كردنی عفەتو داوێن پاكی لەنێو كۆمەڵگە.

٥- پاراستنی مافی ئافرەت لەرێگەی گرێبەستی زەواجەوە كە چەندەها مافی دەخاتە سەر پیاوەكەی.

٦- دروست كردنی خۆشەویستیو متمانە لەنێوان ژنو پیاو هەروەك لەقورئاندا جەختی لێ كراوەتەوە، كە ئیسلام ئەم پەیوەندیە بە پەیوەندییەكی پیرۆز دادەنێت نەك تەنها لەڕوانگەی غەریزەی جینسەوە تەماشەی بكاتو وەكو تێكەڵێكی نەفسی تەماشای دەكات كەژنو پیاو بن پارێزەری یەكتر وەكو جلوبەرگ بۆ داپۆشینو عەیبو عارو كەموكورتییەكانی یەكتر وەكو خودای گەورە دەفەرموێت (هن لباس لكم).

٧- دروست كردنی راحەتو خۆشی لەدڵی ژنو مێرد ئەگەر لەسەر ئەساسێكی ئیسلامی ژیان بەسەر بەرن وەكو خودای گەورە دەفەرموێت (لتسكونوا الیها) واتە ژن ئەبێت وەك سوكنایەكی روحی بێت بۆ پیاوەكەی وەبەهەمان شێوە پیاویش بۆ ژنەكەی.

لەبارەی ئەوەش تاچەند ئیسلام ئاسانكاری كردووە بۆ ئەم پرۆسەیە ناوبراو گوتی:

ئیسلام ئاسانكاریەكی یەكجار زۆری كردوە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە هەر لەهاندانی گەنجان لەسەر ژن هێنانو هاندانی كەسوكاری كچان بۆ بەمێرد دانیان بەكەسانی شیاو چاكو دیندار وەهان دانی سەرپەرشتیاری كچان لەسەر نەهێشتنی كۆشپو تەگەرە لەپێش مێردكردنی كچەكانیان وەهاندانی موسلمانان بەگشتی لەسەر یارمەتی دانی ئەوكەسانەی كە دەیانەوێت ئەم پرۆسەیە پێك بهێننو هەروەها هاندانی ئافرەتان لەسەر دانانی مارەیی كەمو بار قورسی لەكردنی باری گەنجان بۆ پێكهێنانی ئەم پرۆسەیە وە لە ئاسانكاری ئیسلامە كە پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: (اذا جاءكم من ترضون دینه وخلقه فزوجوه الاّ تفعلوا تكن فتنة فی الأرض وفساد عریض) واتە ئەگەر كەسێك هاتە لای ئێوە بۆ داواكردنی كچەكانتان كە لەدینو ئەخلاقی رازی بوون كچەكەتانی پێبدەن پێغەمبەری خۆشەویست(د.خ) لێرەدا پارەو پول بەگرنگ دانانێت چونكە ئەمە پەیدا دەبێت هەروەكو لە بۆ ئیختیاری ئافرەت دەفەرموێت (فاظفر بذات الدین تربت یداك) واتە گرنگی بەهەڵبژاردنی ئافرەتی خاوەن دینو ئەخلاق بدەن نەك خاوەن پارەو پوول وەهاندانی زۆری پێغەمبەر (د.خ) لەسەر ئەم پرۆسەیە بەشێكە لەم ئاسانكاریە كە فەرمایشتێك دەفەرموێت (واتزوج النساء فمن رغب عن سنتی فلیس منی) واتە پشت كردن لەزەواج پشت كردنە لەسونەتی پێغەمبەر(د.خ).

ناوبراو گوتیشی: پێم وایە هاوكاری كردنی گەنجان بۆ پێكهێنانی ئەم پرۆسەیە یەكێك لەهەرە خێرە گەورەكان لەبەر ئەمانەی خوارەوە:

١- خودای گەورە دەفەرموێت (وانكحوا الآیامی منكم والصالحین)، انكحو فعلی ئەمرە موخاتەبەكە گشتیە هەم كەسوكاری گەنجان دەگرێتەوە هەم كاربەدەستان هەمیش دەوڵەمەندەكان لەنێو كۆمەڵگە هەربۆیە لەمینبەری ئێوە روو لەدەوڵەمەندەكانی خۆمان دەكەم با هاوكاری گەنجان بن بۆ ئەم پرۆسەیە كە ئەم گەنجە بتوانی لەرێگەی كەسێك ژن بۆ خۆی بهێنیت خێرەكی زۆر گرنگ بەو دەوڵەمەندە دەگات بەتایبەت لەو سەردەمەی ئێستا كە كەسانێك هەن دەیان هەوێت بەرە هەلدێریان ببەن.

٢- خودای گەورە دەفەرموێت: (وافعلوا الخیر) دیارە كە ئەمەش ئیشێكی چاكەو وەك خودا دەفەرموێت (وتعاونوا علی البر والتقوی) وە خۆشەویستمان دەفەرموێت(د.خ) (والله في عون العبد مادام العبد في عون اخیه) كە بەم یارمەتیە زۆر لەموشكیلەی گەنجان چارەسەر دەبێت.

٣- ئەم یار مەتیە هۆیەكە بۆ پاراستنی گەنجانمان لەخراپەو داوێن پیسی بەتایبەتیش لەم سەردەمەی، كە رێگەی فەساد ئاسانترە لەجاران لەبەر ئەوە یارمەتیدانی گەنجان بۆ پێكهێنانی ئەم پرۆسەیە زۆر خێر ترە لەهەندێك خودا پەرستی كەتەنها سودەكەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

لەبارەی ئەوەش كە پیاوان لەكاتی بەشودانی كچەكانیان حەز دەكەن مارەیی زۆر بێت بەڵام كە ژن بۆ كوڕ دەهێنن بەپێچەوانەیە چی بكرێت بۆ ئەوەی مارەیی كەم بكرێتەوە د.جەمیل گوتی: راستە بەداخەوە من ئەمەی بۆ ئەوە دەگێڕمەوە كە ئەم بەڕێزانە هەم لەدین شارەزانینە هەمیش ویژدانیان كەمە بەڕاستی داواكردنی مارەی زۆر مەسرەفی زۆر لەلایەن ئافرەتان یەكێكە لەئاستەنگەكان لەپێش گەنجان بۆ ئەم پرۆسەیە لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر ئافرەتان زیاتر تەماشەی دینو ئەخلاق بكەن.



مامۆستایەكی زانكۆ

### زۆری مارەییو داواكردنی شتی لاوەكی وای كردووە ئەو پرۆسەیە كەمتر ئەنجام بدرێت

پێویستە ئافرەت رەچاوی دینو ئەخلاق بكات نەك پارەو مارەیی زۆر نەك پارەو پول، چونكە بەختەوەری لەئەخلاقو دینە وەپێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت لەهەموو ئافرەتان بەبەرەكەتتر ئەوانەن كە مارەییو مەسرەفیان كەم بێت، چونكە بەمەیارمەتی مێردیان دەدەن لە معاناتیان كەم دەكەنەوە لەبەر ئەوە داوامان لەئافرەتانو دایكانو باوكان ئەوەیە كە زیاتر تەماشەی دینو ئەخلاقی گەنج بكەنو پارەو پول نەكەن بە ئاستەنگ بۆ پێكهێنانی ئەم پرۆسەیە.

لەبارەی لایەنە ئیجابیەكانی زەواجیش گوتی: زەواج پڕە لەلایەنی باشی كە ئەمانە بەشێكن:-

١- جێبەجێكردنی سونەتێكی پێغەمبەرمانە(د.خ).

٢- پاراستنی دینو ئەخلاقی كۆمەڵگەیە لەئینحیرافو لادان.

٣- پاراستنی مرۆڤایەتیە لەفەوتان.

٤- پاراستنی رێكخستنی خێزانو خزمایەتییە كە جوانی دەدات بە ژیانو مرۆڤایەتی.

٥- هۆیەكە بۆ دروست بوونی خۆشەویستی لەنێوان كۆمەڵگەو دروست بوونی خزمایەتی لەنێوان تاكەكان.

٦- زیاد بوونی ئومەتی ئیسلامە.

٧- زیاد بوونی دەستی كاركردن چونكە هاندانێكە بۆ كار كردن وەكو پێغەمبەر(د.خ) (تزوجوا الودود الولود فانی مكاثر بكم الأمم).

بەپێچەوانەوە نەبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێو هەر كۆمەڵگەیەك ئەم كۆمەڵگەیە بەرەو هەرەس هێنان دەچێت لەلایەنی ئەخلاقو رەوشتو وەكە ئەمە بناغەی ئومەتە چونكە لەداوێن پیسی نەخۆشی زۆر دروست دەبێت كە ئەمەش بێگومان زیانی زۆری هەیە وەدەش بێتە نەمانی خێرو بەرەكەت بۆ ئەم میلەتە وەخۆشەویستمان ئاماژەی بۆ ئەم لایەنە كردووە.

لەدرێژەی قسەكانیو سەبارەت بە ئاسەوارەكانی كەم بوونی ئەم پرۆسەیە كە خۆی لەچی دەبینیتەوە ناوبراو گوتی: هەندێك لەو شوێنەوارانە دیارن وەكو:

١- زۆر بوونی قەیرە كچی قەیرە كوڕی كە ئەمەش لەكۆتایدا هەم دەبن بەغەم بۆ خۆیان هەم بۆ كەسوكاریان بەتایبەتی لەدوارۆژی خۆیان.

٢- زۆر بوونی بەدرەوشتی داوێن پیسی كە زۆر جاران كوشتنو فیتنەی لێ دروست دەبێت.

٣- لێكەوتنەوەی زۆر نەخۆشی دەروونیو جەستەیی لەسەر ئەو كەسانەی كە دوورن لەم پرۆسەیە.

- ئەوانە لەجیاتی خەڵك هان بدەن لەسەر ئەم پرۆسەیە كەچی خەڵك دوور دەخەونەو ئەمانە تاوانیان پێدەگات.

+ بەڕاستی ئەم كەسانە كە خەڵك هان دەدەن لەسەر نەكردنی ئەم پرۆسەیە ئەمانە بەم كارە خراپەیان دژی فەرمانەكانی خوداو پێغەمبەر دەجولێنەوە وە لەم كارەیاندا دژن بەعەقلو فیترەتی ئینسانو عورفو عادەتو زانست وتبی، چونكە ئەمانە هەمویان هاندەرن لەسەر زەواج وە تەئكید لەسەر سودەكانیان دەكەن وە دیارە ئەم كەسانە مەبەستیان بلاو كردنەوەی بێرەوشتیو بردنی كۆمەڵگەیە بەرەو هەردێرو ئاقارێكی خراپ وە ئەو كەسانە خودای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ئەو كەسانەی كە دەیان هەوێت بەد ئەخلاقی لەنێو كۆمەڵگەی بروادارن بڵاوبكەونەو ئەمانە سزای بە ئێشو ئازاریان بۆ هەیە لەدونیاو لەئاخیرەت.

بۆیە پێمان وایە مامۆستایانی ئاینی رۆڵی بەرچاوو ئەكتیڤیان هەیە لەنێو كۆمەڵگە بۆ پێكهێنانی ئەم پرۆسەیە هەر لەباس كردنیان بۆ ئەم كارە پیرۆزە لەڕوانگەی ئیسلامەوە لەرێگەی مینبەرەو كۆرو كۆ بونەوەكانیان لەگەڵ خەڵك وە ئاشنا كردنیان بە ئەحكامو ئادابەكانی ئەم پرۆسەیە.

لەدوا پەیڤی خۆیدا مامۆستا جەمیل وەكو مامۆستای ئاینیو مامۆستای زانكۆ گوتی: ئامۆژگاریمان ئەوەیە بۆ گەنجان كە لەم پرۆسەیە نەترسن لەبەر ئەوەی كە دەبێبێت بەمایەی دروست كردنی چەندەها واجبو ئەرك لەسەر شانیان وەكو بەخێو كردنی خێزانو منداڵو پەروەردە كردنیانو پاراستنیان كە ئەمەش پێویست بە ماندوو بوون دەكات، چونكە لەكۆتایدا ئەمە بەرامەتو خۆشیو سوكنایی روحی مرۆڤ تەواو دەبێت وە مرۆڤی عاقل لەزەت تەنها لە زەتە مادی نابێت بەڵكو لەزەتی حەقیقیو لەزەتیو روحیو نەفسیەكە ئەمە لە زەواج هەیە وەكو خودای گەورە دەفەرموێت (لتسكونوا الیها)و لەزەتی بەدەنیو دووری لەئەركو واجب ژیانێكی ئاژەڵیە، وەمرۆڤی عاقل كاتێك هەست بەراحەت دەكات كە بتوانێت خزمەت بكات وە ئەركەكانی جێبەجێ بكات نەك حەز لە راحەتو لەزەتی بەدەنی بكات.



taybzyarati@gmail.com



# دیاردەی گەشتیاری بۆ هەرێمی کوردستان

# چەند سەرنجو تێبینییەك



د. حەسەن خالید موفتی

بێگومان گەشتو گەشتیاری لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا گرنگیو بایەخی زۆری پێ دراوە, وە بەشێوازێکی گشتی ئیسلام بەرەوای زانیوە ئەنجامدانی گەشت بۆ جێگا جیاجیاکانی سەر رووی زەوی بەمەبەستی کەڵك وەرگرتنو شارەزا بوونو یەکتر ناسینو فێربوونی زانست... هتد, چونکە دەقەکانی قورئان لەم بوارەدا رەهان لەڕوانگەی جێگاوە, بەڵام سنووردارن لەڕوانگەی ئامانج لەو گەشتەدا, وەك لە چەند جێیەك هاتووە کە دەفەرموێت: {قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ ثُمَّ انظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ} سورة الأنعام: ١١، {قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ} سورة النمل: ٦٩، {قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ثُمَّ اللَّهُ يُنشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ} سورة العنكبوت: ٢٠.

بەڵام وەك هاتووە پێویستە ئامانجەکان مرۆڤ بگەیێنێتە راستییەکانو پەند وەربگرێتو لەئامۆژگاری لەو گەشتانەدا بەهرەمەند بێت.

هەروەها قورئان باسی گەشتو ئەسفاری زۆری لەکردووە دەربارەی پێغەمبەرانو پیاوچاکان, لەوانە گەشتی حەزرەتی ئیبراهیم (علیه السلام) لەنێوان عێراقو حیجازو شامو کەنعاندا, وە گەشتی حەزرەتی موسا (علیه السلام)و گەڕانی بەدوای حەزرەتی (خضر)دا ﴿قَالَ لَهُ مُوسَى هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَى أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا﴾ (سورة الكهف: ٦٦) و گەشتی (ذو القرنين) بەتەواوی دونیادا بەفەرمانی خودا (جل جلاله) وەك دەفەرموێت: {إِنَّا مَكَّنَّا لَهُ فِي الْأَرْضِ وَآتَيْنَاهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا} سورة الكهف: ٨٤... هتد.

ئەم گەشتانە گەشتی لاشە و جیسمانییە وە تێکڕای خەڵکی دەگرێتەوە, بەڵام گەشتێکی تیرش هەیە ئەویش (گەشتی رۆحانی) یاخود (سەیری رۆحی)یە, ئەم جۆرە گەشتە تایبەتمەندە بە پێغەمبەرانو پیاوچاکانەوە, وە زۆربەربڵاوو بەرفراوانتر لەجۆری یەکەم, وەك خوای گەورە دەرهەق حەزرەتی ئیبراهیم دەفەرموێت: (وَكَذَلِكَ نُرِي إِبْرَاهِيمَ مَلَكُوتَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ) (سورة الأنعام: ٧٥).

یاخود گەشتی تایبەت بە حەزرەتی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) کە ناسراوە بە موعجیزەی (ئیسراو میعراج) کە بەپێی رای زۆربەی زانایانی زانستی عەقائید گەشتەکە بە رۆح و بە لەش ئەنجام دراوە بۆ (بيت المقدس)و لەوێشەوە بۆ ئاسمانەکانیو بەرەو ویستی پەروەردگار.. وەك لە قورئان دەفەرموێت: ﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ﴾ (سورة الإسراء: ١)، ﴿لَقَدْ رَأَى مِنْ آيَاتِ رَبِّهِ الْكُبْرَى﴾ (سورة النجم: ١٨), هەروەها لە نموونەی گەشتو سەیری رۆحی لەتەصەووفدا کە زانایانی ئەو زانستە باسیان لێوە کردووە, لەوانە (ئەبو تالبی مەککی) لە(قوت القلوب)دا, وە ئیمامی قوشەیری لە (الرسالة)داو ئیمامی غەزالی لە (إحياء علوم الدين)داو ئیمامی (إبن القيّم) لە (مدارج السالكين)دا, وە جگە لەمانەش.

بەڵام لێرەدا ئەوەی مەبەستە گەشتێکە کە موسڵمان ئەنجامی دەدات بەرەو جێگەیەکی تر, ئایا لەڕوانگەی شەریعەتەوە حوکمی چییە؟

وە گرنگە ئەو حوکمە بزاندرێت بەتایبەت ئێستا هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دیاردەی گەشتیارانی وڵاتانی چواردەور بۆتەوە, بەتایبەتی تر لەناوەڕاستو خواروی وڵاتی عێراقەوە.. بۆیە بەپێی ئەو پێشەکییەی ڕوونمانکردەوە دەڵێین:

١- گەشتو گەشتیاری لەخودی خۆیدا کارێکی دروستە هیچ سانسۆرێکی ئاینیی لەسەر نییە.

٢- بەڵام گەشتی دروست دەکرێت بە سێ بەشەوە:

أ- گەشتی پێویستو ئەرك (واجب): وەك ئەنجامدانی گەشتی حەجو عومرە, یان بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی, یاخود بەمەبەستی فێربوونی زانستێك کە لەشارەکەی خۆیدا دەستی نەکەوێت.

ب- گەشتی سوننەتو مەندوب: وەك ئەنجامدانی گەشت بەمەبەستی خوێندنی زیاترو بەدەستهێنانی پسپۆری لەوڵاتانی ئیسلامیدا, یاخود گەشتکردن بەمەبەستی بانگەوازی هەق بەگوێی خەڵکیداو رونکردنەوەی وردەکارییەکانی شەریعەت بۆیان.

ت- گەشتی دروستو موباح: وەك ئەنجامدانی گەشت بەمەبەستی گۆڕینی ئاووهەواو سەیرکردنی سروشت... هتد

بەشی دووەم: گەشتی نادروست.

ئەمیش دەکرێت بەدوو بەشەوە:

أ- گەشتی حەرام: وەك ئەنجامدانی گەشتوگوزار بەمەبەستی کاری خراپ, بە هەر شێوازو لە هەر کاتو ساتێکدا بێت.

ب- گەشتی مەکروە: وەك ئەنجامدانی گەشت بەمەبەستی باش، بەڵام لەجێگا مەکروهەکاندا کە مرۆڤ تیایدا تووشی تێکەڵی نامەحرەمو خواردنی حەرامو گوفتارو رەفتاری حەرام بێت, یاخود لەنمونەی گەشت لەتەك نامەحرەمدا بە تەنها.

وەك گەشت بۆ وڵاتانی ئەوروپا بەمەبەستی خوێندن لەکاتێکدا ئەو خوێندنە لە وڵاتی خویدا هەبێت, یاخود گەشت بۆ هەندی لەسەیرانگاکان کە توشی تێکەڵاو کاری نادروست دەبێت, یاخود لەنمونەی گەشتی گەنجانی کوردستان بۆ هەندەران بەمەبەستی کەسابەتو بژێوی ژیان.

٣- ماوەتەوە بڵێین دیاردەی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان لەنێوان دروستیو نادروستیدا.

بەڕاستی پێویستە گەشتیارانی کوردستانیش سەرەڕای رێنمایەکان حکومەتی هەرێمو رەچاوکردنی بارودۆخی ئەمنی گرتنەبەری کاری پێویست، گرنگە:

١- وەزارەتی تەندروستی هەرێم ساڵانە رێنومایی تایبەت دەربکات سەبارەت بەگرنگی پاكو خاوێنی گەشتیارانو ئەنجامدانی فەحصو پشکنینی تایبەت بۆ دڵنیابوون لەسەلامەتیان لە هەر نەخۆشییەکی خراپ.

٢- وەزارەتی ئەوقافو یەکێتی زانایان گرنگە بەیاننامەی تایبەت دەربکەن سەبارەت بەو زەوابیتو مەرجانەی کە لەشەریعەتی ئیسلامو دابونەریتی چاكو رەسەنی کۆمەڵایەتی کوردستاندا رەچاوخراونو لەئادابی گشتیو چۆنیەتی هەڵسوکەوتی گەشتیارانو چۆنیەتی پۆشاكو جلوبەرگیانو... هتد کە بەپێویستی بزانن کە تەواوی گەشتیاران رەچاوی بکەن.

چونکە بەڕاستی ئەمرۆ لە کوردستان دیاردەیەکی نامۆ بەکۆمەڵگای کوردەواری, پەیدا بووە کە بریتییە لەگەشتی عەرەبەکان لەناوەڕاستو خوارووی عێراق کە زۆربەی زۆریان ئادابو نەریتی کوردستان رەچاو ناکەنو بوونەتە سەرچاوەی ئیزعاجی بۆ دانیشتوانی هەرێم بەتایبەت لەسەیرانگاکاندا, وە جلوبەرگی نامۆ بە کوردستان لەبەردەکەن، چ پیاویان چ ئافرەتیان, هەروەها گەنجێکی زۆری موراهیق کەڕو دەکەنە کوردستان پابەند نین بە دابو نەریتو یاسا, دەبینین لە هەر کۆڵانو کۆچەو جادەیەکدا بە هەوەسی خۆیان دادەبزنو دەست دەکەن بە سەماو تەبل کوتینو... هتد وە شعورو هەستی خەڵکی راناگرن کە ئەمەیش پێویستە سنوری بۆ دیاری بکرێت.

٣- وەزارەتە پەیوەندیداوەکانی دی پێویستە رێنمویی تایبەتیان هەبێت سەبارەت بەو سەیارانەی دێنە ناو هەرێمەوە وە مەرجی یاساییان تیا بێتو لەرێنماییەکان لانەدەن, چونکە شوفێری ئەو ئۆتۆمبێلانە پابەند نینو هەروەك ناوەڕاستو باشوور لێدەخورن, وە مەنزەرەو جوانی شارەکانیان ناشیرین کردووە.

ئەمەو چەندین رێنموییو مەرجی تر کە پێویستە حکومەتی هەرێم بیگرێتە بەر وە تەنها خەیاڵی لای ئابووری نەبێتو بوارەکانی تری کۆمەڵایەتیو ئایینیو... هتد پشتگۆی بخات, خوا هاوکاری هەموو لایەك بێت.

* سەرۆکی بەشی شەریعە کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان- هەولێر.

# کەسایەتی بزر بووی مرۆڤەکان

م.رقیب رسول

لەدونیادا گەر چاوێك بەدەشتو دۆڵو چیاو گردو هەموو ئەو کونو کەلەبەرانەدا بگێڕین شت گەلێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە, کە بەتەواوی دەبێتە مایەی ئارامی دڵو دەروونو ئۆقرە گرتن لەو گومانو دوودڵیانەی, کە خوتخوتە ئەخەنە دڵی مرۆڤەوەو هەستی پەرشو بڵاودەکەن.

لەدڵەوە حەزم لەڕوانینی ئەو جۆرە کەسانەیە کە گشت شوێنو کەلەبەرێکی ئەو دونیایە دەڕۆنن, دەشتە دوورو درێژەکانم هەمیشە لەخەیاڵدایە, کە لەرێگای مانگە دەستکردەکانو چاوی کامێراکانەوە وێنا دەکرێنو دەگوازرێنەوە.

دارستانو جەنگەڵەکان دەشتاییو گردۆڵەکان چیا گەورەو پڕ مەترسیەکان, کاتێك گەشتیارێك دەبینم ئەو جۆرە دیمەنانە نمایش دەکات ئەوەندە هەست بەکامەرانی دەکەم وادەزانم خۆم بومەتە چاوی کامێراکە شتە سەرسوڕهێنەرەکان بە تامەزرۆییەوە تۆمار دەکەم.

جاری وا هەیە هەستم لەلای خۆمدا نامێنێت لەگەڵ برندو نەوی بوونەوەی دەشتێك دەتاسێم چونکە بەخەیاڵ بەسەریدا تێدەپەڕم, بەلای منەوە گەشت کردن ئەوەندە بە جەستە گرنگ نییە بەقەد ئەوەی مرۆڤ بەحەزەوە گەشتێکی فکری بۆ شوێنێك بکات.

کە خۆی ببێت بەبەشێك لەو دیمەنو گردۆڵانەی مەبەستیەتی یەك بەیەکی دیمەنەکانی بنەخشێنێتو خۆی بکات بەو داروبەردەی هیچ هەستو نەستیان لەجەستەدا نییە, خۆشەویستی ئەو کەسانەم تەنیا بۆ ساتێکیش لەدڵ دەرناچێت, کە بە پەتو گوریسو حەبلەکانیان خۆیان قایم قایم دەکەنو بە چیایەکی پڕ لەهەڵدێردا سەردەکەون.

گۆچانی ئاسنینیان بەدەستەو وردە وردە گۆچانەکانیان بەشاخە پڕ لەمەترسیو هەڵدێرەکەدا گیر دەکەنو تاوێك پشوویەك دەدەن ئینجا سەردەکەون, ڕەنگە خوێنەر پرسیارێکی بەخەیاڵدا بێتو بڵێ دەبێ بۆچی ئەوەندە ئەو گەڕیلەو گەشتیارو شاخەوانە چاونەترسانە لەلای نوسەر شکۆمەندو خۆشەویست بن؟!

ئەو پرسیارە بەڕاشکاوی دەردەبڕم ئاخۆ چ سودێکم لەو جۆرە کەسانە بینیوە کاتێك لەگەڵ زوومی کامێرای گەشتیارەکان تێکەڵ ببوم ئەوەم بەخەیاڵدا هات گەلۆ لەناو مێشکی ئادەمیزاددا بەوێنەی ئەو دونیا پانو بەرینە بەڵکو زیاتریش شوێنی مەترسیدارو پڕ لەهەڵدێر بونیان هەیە.

ئەو چیایانەی لەم دونیایە بەم شێوە سامناکە نەخشەیان بۆ کێشراوە لەناو فکریەتی مرۆڤ هەمان ئەو چیا پڕ لە هەڵدێرو بێ هاوارو بانگە نەخشەیان هەیە, گردو گۆڵو بەرزیو نزمیو دەشتو چیاو جۆرەها شوێنی سەیرو سەمەرەو نەبینراو لەشەپۆلەکانی عەقڵی مرۆڤدا خۆیان حەشارداوە.

پڕ پڕ لەدارستان پڕ پڕ لەجەنگەڵستان دەعباو دڕندە جۆرەها دروستکراو شێرو پڵینگو مارو دوپشكو چەندین زیندەوەری بێ زیان وەك مێرولەو کەوو کۆترو مێش هەنگوین, ئەی هاوار مێشکی مرۆڤ بەڕاستی جێگەی مەترسیو تێڕامانو بیرکردنەوەیە.

ئەی ئەگەر ئەو هەموو شاخە پڕ لە بەفرو هەڵدێرو بێ هاوارەی لێنەبن بۆچی خوداوەند دەفەرموێت: (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا), واتە ئێوە خۆتان بەپەتی خواوە بگرن, نەوەك لە شاخێك یان چیایەك یان شوێنێکی پڕ لەمەترسی بکەونە خوارەوەو ببنە خواردەمەنی شێرو پڵنگو چەتەو ڕێگرو دزەکان.

ئەی خودا نافەرموێت بەهۆی ئەو پەتو گوریسو حەبلانەوە بەسەر ڕێگای ناخۆشدا سەر بکەونو بگەن بەڕاستە شەقام, مەگەر ناردنی پێغەمبەران تەنیا بۆ ئەوە نیە, کە قۆڵی خەڵك بگرنو لەچیا بێ ئامانو پڕ مەترسییەکانو پڕ لەڕێگرو جەلادو خوێن ڕێژەکانو دەیانو سەدانی ئەو جۆرە کەسانەی دەمیان بەشکردووە تەڵەیان داناوە بۆ نانەوەی ئەو تەڵەیە لە هەر قورنیچکێکی ئەو دونیایەدا خواردنی بەتامو بۆنخۆشیان لەژێر تەڵە دڕندانەکەدا داناوە, دابەزاندنی قورئانی پیرۆز لەلایەن پەروەردگارەوە وەك ڕێنماییو کەتەلۆکی ژیانی مرۆڤایەتی بۆ نێردراوەکانی, بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکرا نییە؟ لەسەر بوونی هزری ئادەمیزاد؟!

کە پڕە لە کەندو کۆسپو هەورازو نشێوو برندو نەوی؟ ئایا ئەگەر لەنێو فکری مرۆڤدا ڕێگای ڕاست نەبێت بۆچی خودا دەفەرموێ داوای ڕێنمایم لێ بکەن بۆ ڕێگای ڕاست, (اهدِنَا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ) لەچەندین شوێندا خوای گەورە مرۆڤی ئاگادار کردۆتەوە لەکوێرە ڕێی هەڵدێرو کەندو کۆسپی بێ هاوارو بانگ.

شوێنی ئەوەندە پڕ مەترسیو سامناك لە مێشکی مرۆڤدا هەیە ئەگەر بێتو خۆی بکەوێتە نێو ئەو کەندو کرۆمانە هەتا دونیا ماوە نە بۆ خۆی توانای ئەوەی هەیە خۆی بێنێتەدەر نەخەڵکیش, بەڵکو ئەگەر بێتو تەواوی خەڵکی سەر ڕووی زەوی کۆبکاتەوە بۆ رزگار کردنی لەو تەنگەژە رۆحیو دەروونیە بەهاوکاریو پاڵپشتی هەرچی ئامێرو تەکنە لۆجیاتی سەردەم هەیە, (لَا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِي مِن جُوعٍ), هیچ لەوەزعەکە ناگۆڕێت هەر قوفڵەیەك کلیلی خۆی هەیە, کلیلەکانیش لەشێوەدا لەیەك دەچن کەچی بەکلیلی خۆی نەبێ قفڵەکە ناکرێتەوە, خوداش بۆ کردنەوەی مرۆڤو بەختەوەر کردنی لە هەردوو دونیا کلیلی تایبەتی داناوە, کە بریتیە لەقورئانی پیرۆز.

ئەگەر هەموو کلیلی دونیا کۆ بکرێتەوە ددانیان وەك ددانی ئەو کلیلە وابێت ناتوانن ئەو قوفڵەیە بکەنەوە, کە پێی دەگوترێت دڵی مرۆڤ کەسی وا هەیە لەرێگەی ماڵی دونیاو سەروەتو سامانو کۆشكو تەلارو ڤێلاو هێزو دەسەڵاتەوە, کلیلێکی دۆزیوەتەوە کە ددانەکانی لەکلیلی پەروەردگار بچێت بەڵام کلیلەکانی ئەو جۆرە کەسانە ددانیان خوراوە ئەوان ناتوانن بەهۆی ئەو جۆرە کلیلانەوە قفڵەی دڵی خۆیان بکەنەوە.

بەڵکو لەدەرەوەی دڵی خۆیان دانیشتوونو بەحەزرەتی ئەوەن بۆ ساتێکیش بێت کلیلەکانیان بەشێوەیەکی ئاوا بێ ویژدانانە لەدەرەوەی مرۆڤ بوونی خۆیان جێ نەهێڵێت بۆ دانە کاتژمێرێکیش بێت لەهیوای ئەوەن کلیلەکانیان بەناخو ویژدانو مرۆڤایەتیان شاد بکاتەوە.

بەڵام ئاخو سەد ئامان کلیلەکان لەوە زیاتر بێ رەحمو ویژدان ترن, کە ئەوان خۆیان بیریان لێ دەکەنەوە.

# ئایا کەلوەکان ڕاستن؟



مەلا کامەران شاکر قادر

بسم الله الرحمن الرحيم ((قل لايعلم من في السماوات والارض الغيب الا الله))

بەدرۆ خستنەوەی ناسینی کەسایەتی بەهۆی کەلوەکان (بورجەکان) بەخت گرتنەوە:

بەردەوام ئەو درۆوقسە نابەجێیانەی کە لەناو خەڵك باوە دووبارە دەبێتەوە بۆ قەناعەت هێنانی خەڵك کەوا زانستێك هەیە بەناوی ناسینی کەسایەتی لەڕێگای کەلوەکان واتە بورجەکان ماوەی چەندەها سەدەی دوورودرێژە کە ئەم جادوگەرانە شوێن ئەو کارە درۆینە کەوتوون تا ئەم سەردەمەش کە سەدەی بیستو یەکە خەلکانی وا هەن بە بیرو بڕوایەکی تەواو قەناعەت بەم جۆرە بیرۆکە پوچەلانە دەکەن بەناوی ئەوەکە زانستێکی فەلەك ناسیە... یەکێ لە زانا شارەزاکان دەڵێ بە ملیۆنەها دۆلار سەرف دەکرێ لەسەر بەرنامەکانی ئەستێرەناسیو پێشبینی کردنی داهاتوو واتە غەیب زانینو شی کردنەوەی کەسایەتی خەڵك لەمیانەی ئەو بەرنامانەی بەناو بورجەکان پەخش دەکرێن، وەهەروەها بە ملیۆنان دۆلار دەچێتە گیرفانی ئەوکەسانەی کە بەدرۆ خەلك دەخەلەتێننو لەو خەڵکانە دەسێنن کە شوێن درۆی ئەوانە کەوتوون جا ئەو جادوگەرە هەندێ جار بەناوی زانای فەلەك ناس خۆی دەناسێنێ کە گوایە دەتوانی قەناعەتمان بێنێ کە ئەستێرە کاریگەری هەیە لەسەر کەسایەتیمان کە ئەم ئەستێرانە تیشك دەنێرنو چینی ئاسمان دەبرێ کە دەورەی زەوی داوە وکاردەکاتە سەر مرۆڤ و رۆژی لە دایك بونی کە ئەمەش لەڕاستیدا دوورە. رۆژانە ئەم دەنگوباسە دێتە ئاراوە کە باس لەشتی وادەکەن گوایە دەتوانن باس لەغەیبیات بکەن کەچی زانستی غەیبی تەنها خوا دەیزانێ، ئەو جۆرە کەسانە لەرێگای ئەم کارە دەیانەوێت بەخەڵك رابگەینن کەوا ئێمە داهاتوو ئەزانینو زانینی غەیبمان لایەو پشت دەبەستن بە ئەستێرەکانو بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەستێرە کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ و خورەوشتو تەمەنو داهاتووی مرۆڤ، بەڵام ئایا زانستی ئەم سەردەمە وەڵامی چییە بۆ ئەم دیاردەیە؟

ئەگەر بێتوو ئێمە بیر لەو دووریە بکەینەوە کە لەنێوان ئێمەو ئەو ئەستێرانەدا هەیە زۆر گەورەیەو عەقلی مرۆڤ بیری لێ ناکاتەوە تەنها بەژمارە بۆنمونە نزیکترین ئەستێرە لەزەوی دوریەکەی بریتییە لەچوار ساڵی روناکی (پێوەری تیشکی) واتە ئەو تیشکەی کە لەو نزیکترین ئەستێرەیە تا بگات بەئێمە پێویستی بە چوار ساڵی روناکی هەیە تا ئەو ماوەیە ببڕێ بەرەو گۆی زەوی کە ئەندازە کراوە ئەم چوار ساڵە بە (١٠) دە ملیۆن کیلۆمەتر بە نزیکەیی، ئاخۆ لەو ماوە درێژە راستە کاریگەری هەیە لەسەر مرۆڤ ئەمە نزیکترینیانە ئایا ئەبی دوورەکەیان چەند ساڵی روناکی بێت یان کیلۆمەتر؟

جادووگەران هەوڵی ئەوە ئەدەن کەوا بێننە بەرچاوی خەڵك قسەکانیان لەسەر بنەمای زانستییە، بەڵام راستیەکەی پێچەوانەیە وە لەوانەیە زۆری کێشەکانی ئەم سەردەمە کە روو ئەدات بەهۆی پشت بەستنە بەدرۆو هەلبەستەکانی ئەم جادووگەرانەو روو لەوان کردنە وە زۆرینەی خەڵك توشی بێ ئومێدیو زەرەری مادیو مەعنەوی بوون تووشی جۆرەها تاوان بوون بەهۆی قسە نابەجێکانی ئەم کەسە درۆزنانە کە خەڵك فریو دەدەن کە ئەمەش یەکێکە لەو حەرامانەی کە خواو پێغەمبەر رێگایان لێگرتووە نزیکی نەکەوینەوە.

نزیکترین هەسارە لە زەوی کە ناوی ئەندرۆمیدایە Galaxy Andromeda أو M٣١ کە دوریەکەی لە ئێمەوە نزیکەی لەسنووری (٢:٢٥) ملیۆن سالی روناکیە، بیر لێ بکەنەوە تیشکێك دوو ملیۆن سال بخایەنێ تا بگاتە ئێمە کەچی تیشکێکی زۆر لاوازی بەلای ئێمەوە دیارە کە بە گەورەکردن ئەگەر ببینرێ بۆ خاتری خوا ئەو ئەستێرە بەو دوریە لەو هەسارە دورە کە زیاتر لە سەد هەزار ملیۆن ئەستێرەی تێدایە چۆن کاردەکاتە سەر داهاتوی مرۆڤ (افلا تعقلون).

دەبا ئیستاش باس لەدوورترین ئەستێرە بکەین لەزەوی : بەم دواییانە زاناکان بۆیان دەرکەوتووە کە هەسارەیەك هەیە لێمانەوە دورە ماوە (٢٠) بیست هەزار ملیۆن ساڵی روناکی واتە دوریەکەی بریتییە لە هەزار ملیۆن ملیۆن ملیۆن کیلۆمەتر دەی بیر لەم ماوە دوورو درێژە بکەوە کە زیاتر لە سەدهەزار ملیۆن ئەستێرەی تێدایە چ کاریگەریەکی بەسەر روالەتو داهاتوی مرۆڤەوەیە؟ وێنە (٣).

زاناکان ئامێرە ژمارەییەکانیان بەکارهێناوە لە مانگە دەستکردەکان تا توانیویانە وێنەی ئەو هەسارەیە بگرن جا ئەو هەسارەیەی کە پڕە لەئەستێرەی ئەوتۆ هەر نزیکە نابینرێ یان هەر هیچ شوێنیشی دیار نیە ئایا مەعقولەو راستە ئەستێرە کاربکاتە سەر ژیانی مرۆڤ و هەڵسوکەوتی رۆژانەیانو پەیوەندی نێوانیان؟ ئەو وێنەیە بۆمان دیاری دەکات کە ئەم هەسارە لێمانەوە دوورە نزیکەی (٧٠) حەفتا ملیۆن ساڵی روناکی وە دەبێ هەزاران جار گەورە بکرێ تا ببینرێ جا چۆن کاری کردە سەر ژیانی مرۆڤ؟ کە بیر لەم گەردوونە بکەینەوە نزیکەی سەد هەزار ملیۆن هەسارەی تێدابێ چۆن هەریەك لەم هەسارانە دەسکاری خۆشەویستیو روالەتو خورەوشتمان دەکەن؟

پێغەمبەرمان محمد صلى الله عليه وسلم لەسەردەمێك ناردرا کە پڕبوو لەخورافیاتو شتی بێ بنەماو زانست لەوپەڕی دابەزین بوو زانستی ئەو کات بریتی بوو لەزانستی جادووگەریو ئەستێرەناسی بێ بنەما هەروەك چۆن ئێستا زۆرێك پشت قایمن بەهەندێك لەو هەواڵە درۆینانەی کە بڵاوی دەکەنەوە ئاوا ئەوانیش زۆر متمانەیان بەو جۆرە جادووگەرانە هەبوو، بەڵام پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە خوا بەرەحمەت ناردویەتی بۆ هەموو جیهان ئەم جۆرە بۆچوونو رێگا پوچەلانەی لەناوبرد و بیرو هۆشی خەڵکی خاوێن کردەوە لەم بۆچوونانە کاتێك کە فەرمووی (من أتى عرافا فسأله عن شيء فصدقه لم تقبل له صلاة أربعين يوما) (رواه مسلم). ئەوەی بچێتە لای جادوگەرو فالچی پرسیاری لێ بکات وبرواشی پێ بکات ئەوا چل رۆژ نوێژی لێ وەرناگیری، وە ئەم جۆرە کارانە بەکوفر دانراو کە هەموی جادوگەریەو بەخەلك رابواردنەو خواردنی میشکی خەڵکە مەبەستم بەنج کردنی عەقلە لەوانەیە زۆرێك بلێن ئەمە زانستە وە لەلایەکی ترەوە ئەگەر باسی بوت پەرستەکانی سەردەمی خۆی بکرێ کە موشریکەکان بتیان پەرستوە بەبێ عەقلی ناویان دەبەن خۆ ئەو کەسەی بڕوای بە کاریگەری ئەستێرەکان هەیە لەسەر دەرونی مرۆڤ زۆر لەوان نەفام ترو بێ عەقل ترە چونکە ئەوان بێ عەقل بوون بەردیکیان دەتاشی بەدەستی خۆیان لەبەرچاوی خۆیان دایان دەنا بەڵام ئەوانەی جادوگەرن باس لەئەستێرە دەکەن کە نەدەستیان پێگەیشتووەو نە بەچاو بینیویانەو نەزانستێکیان لەسەر هەیە، وە لێرەوە وەلامێك دەنوسین بۆ ئەوکەسانەی کە پێیان وابوو بۆیە پێغەمبەر ئەم کارەی کردوە بۆ ئەوەی ناودەنگی خۆی بەرزبکاتەوە بزانن پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم بە هیچ شێوەیەك بانگەشەی ئەوەی نەکردوە کە شتی غەیب بزانێ بەڵکو رێگەگر بوە لەهەر کارێك کەبەناوی تەنجیم و غەیبیات بێ ئەوتا خوای تعالى لە قورئانی پیرۆز بۆمانی دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم بیرو بروای چۆن بوە ((قُلْ لَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلَا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ)) الانعام-٥٠- ئەی محمد پێیان رابگەینە کە خەزینەی خوا لەلای تۆ نییەو پێیان بلێ من غەیب نازانمو من فریشتە نیم تەنها شوێن کەوتەی ئەو وەحیەم کە خوا بۆمی رەوانە دەکات یەکسان نین ئەوانەی چاو ساغو زانان لەگەل ئەوانەی کوێرەو نابینان بۆتۆزیك بیر ناکەنەوە !خۆ ئەگەر ئەستێرە کاریگەری هەبا لەسەر کەسایەتی مرۆڤ ئەوا ئەو ئەستێرەی کە بەناوبانگە بە (ثقب الاسود) دەبا زیاتر کاری کردبا سەر مرۆڤ چونکە لە هەسارەکەی ئێمەدایەو کێشەکەی نزیکەی سێ هەزار ملیۆن جار لەخۆرەکەمان گەورەترە کەچی هیچ کاریگەری سەر ژیانی مرۆڤی نییە.

جادوووگەری نەخۆشی دەروونی:

ئاینی ئیسلام بەهەمو شێوەیەك ئەم کارەی حەرامو قەدەغە کردووە چونکە هیچ بنچینەیەکی زانستی نییەو زانستێکی بێ بنەمایە وەکو کەلوەکانو خوێندنەوەی داهاتوو چونکە داهاتوو و غەیبیات تەنها خوا دەیزانێ (وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى الْغَيْبِ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَجْتَبِي مِنْ رُسُلِهِ مَنْ يَشَاءُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَإِنْ تُؤْمِنُوا وَتَتَّقُوا فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ) (آل عمران: ١٧٩). هەروەك فەرمویەتی خوا غەیبیاتی فێرە ئێوە نەکردووە تەنها هەندێ جار وەکو موعجیزەو بەراست دانانی پێغەمبەرەکە بۆی باس دەکرد ئەویش بەخەڵکی دەگوت ئەوەش بۆ هەموو پێغەمبەران نەبووە، زانستیانە رۆن بۆتەوە کەوا چوونە لای ئەو جۆرە کەسانەو هەوڵدان بۆ ئەم کارە نارەوایانە زیانێکی یەکجار زۆری هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤ ئەوانەی کە بڕوایان پێیە توشی دڵەڕاوکێو خەم دێت بەهۆی چاوەڕوان کردنی ئەنجامی هەواڵە درۆیەکان جا کاتی جادووگەرەکە هەواڵێك بەپێچەوانەی بۆچوونی کەسەکە رادەگەینێ تووشی خەمۆکی دێتو بێئومیدی دایدەگرێ ئەمەش تووشی نەخۆشی دەروونی دەکات، لەکاتێك پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم کە ناردراوە بەرەحمەت زۆر رشت بوو لەسەر ئەوەی کە ئەوەی ئیماندارە دەبێ

بۆ ل١١